گەرمیان... دەستگیرکردنی کەسێک لەسەر سوتاندنی بارهەڵگرەکانی کێڵار



وتەبێژی پۆلیسی گەرمیان،دەستگیرکردنی تەمەتبارێکی راگەیاند بەتەمەتی سوتاندنی بارهەڵگرەکانی کێڵار.

ئەمە سەشەمە، وتەبێژی پۆلیسی گەرمیان رایگەیاند، دوای ئەوەی شەوی رابردوو لەنزیک شارەوانی قەزای کێڵار ئەتەمبێلێکی بارهەڵگرسوتاو ئەمەش لە گەڕەکی ئەندازیاران و گەڕەکی ئازادی کێڵار تەنکەرێک و ئەتەمبێلێکی دیکەی بارهەڵگر سوتا.

ئاماژەی بەوەشکرد، دەستبەجی مەفرەزەی حەرەکاتی بەشی پۆلیسی کێڵار بەهاوکاری ئاسایشی کێڵار و تیمی کامەرامانی بەشی پۆلیسی کێڵارو مەفرەزەکانی ١٠٤ـی کێڵار دوای لێکۆڵینەوە بەدواداچوون و سودبینین لەکامەرای چاودێری توانیان تەمەتبارەکە کە لە دایکبووی ٢٠٠٧ دەستگیربکەن.

وتیشی، لەئێستادا بە بەیاری دادوەر پێداوی لێکۆڵینەوەی بەکراوەتەوە لێکۆڵینەوە لە روداوەکە دەستی پێکردووە.